عەلی باپیر: لە کوردستان ئەگەر پەرلەمان بەدی حزب نەبێت دادەخرێت



عەلی باپیر، سەرکی کۆمەڵی دادگەری کوردستان ڕایگەیاند، ئۆپۆزسیۆن لە وڵاتانی جیهان قسەی وەردەگیرێت و لێرەش دەبێت دوعا بکەیت زیندانیت نەکەن، دەشڵێت، "لە کوردستان ئەگەر پەرلەمان بەدی حزب نەبێت، دادەخرێت".

عەلی باپیر ئەمڕۆ چوارشەممە لەمیانی پانێڵکدا لە دیداری میریکموتۆع بدواداچوونی بۆ کردووە ڕایگەیاند، "لە هەرێمی کوردستان حکومداری بەشێوەیەکی ستاندارد نیە، بۆیە ئۆپۆزسیۆنیش نەیتوانیوە گۆڕانکاری بکات، من لەگەڵ ئەوەدا نیم بوترێت ئۆپۆزسیۆن کاریگەری نەبووە، کاریگەری هەبووە بەڵام نەیتوانیوە گۆڕانکاری بکات و ببێتە بدلیی هەردو حزبی حکومەتان".

ئاماژەی بەوەشکرد، حکومەت بەدەستی حزب و تەنانەت بچوکتر لە حزبەوە گرفتارە و هەرکاتێك حزب پەرلەمانی بەدە نەبو دایدەخات، هەرکاتێك حکومەتی بەدە نەبو وەزیرەکان دەنێرێتە ماڵەوە و ئیفلیجی دەکات، دەسەڵات دادوەری ئەگەر دەستەمە نەبو بەجۆرکی دیکە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، بۆیە کاتێك ئەو ئۆپۆزسیۆنەشی کە دەبێت نائاسایی دەبێت.

عەلی باپیر باسی لەوەشکرد، لە بریتانیا ئۆپۆزسیۆن حکومەتی سەبەری هەیە و لەخنە لە دەسەڵات دەگرێت بەڵام لێرە دەبێت ئۆپۆزسیۆن دوعا بکات کە سجن نەکرێت.

سەرکی کەمەڵی دادگەری کوردستان دەشێت، "نائومێدم لەوەی هەردو حزبی حوکمان بتوانن گانکاری بکەن و بتوانن خێیان چاك بکەن و گانکاری بەسەر هەرمی کوردستاندا بهێنن، تا ئستا بەرپرسکی ئەم هەرمەم نەبینیوە کە بێت، خەڵکی کوردستان ئمە کەمتەرخەم بوین".